گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(6).Paper15

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠٤/٠٥
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٣/٠٦/٠٦
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٩

# كاریگەری بەكارهێنانی ستراتیژەكانی سێگۆشەی گوێگرتن و كورسی گەرم لەسەر پەرەپێدانی پاڵنەری مەعریفی لەبابەتی ئەدەبی كوردی لای قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە سەنتەری پارێزگای هەولێر

**حوسێن سەعدی ئیبراهیم[1] - ڕازاو محییەدین عبدولڕەحمان[2]**

razaw.abdulrahman@su.edu.krd - hussein.ibrahim@su.edu.krd

[1]بەشی وەرزش، كۆلێژی پەروەردەی وەرزشی، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق

[2]بەشی كوردی، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ناسینی كاریگەری بەكارهێنانی ستراتیژیەتەكانی سێگۆشەی گوێگرتن و كورسی گەرم لەسەر پاڵنەری مەعریفی لە بابەتی ئەدەب لەلای قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی، توێژەران پشتیان بە دیزایینی ئەزمونی بەست كە لە سێ كۆمەڵەی هاوسەنگ پێكدێت، دیزاینی دو كۆمەڵەی ئەزمونگەری و یەك كۆمەڵەی كۆنترۆلكراو، بەشێوەی تاقیكردنەوەی پێشینە و دواییینە، توێژەران نمونەی توێژینەوەكەیان كە ژمارەیان (٧٤) قوتابی بون هەڵبژارد لە قوتابخانەی (ئامادەیی شەهید مەئمون دەباغی كچان) لەسەنتەری پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠٢١-٢٠٢٢)، نمونەی قوتابیانیشیان بەشێوەیەكی هەڕەمەكی هەڵبژارد كە كۆمەڵەی ئەزمونگەری یەكەم لە(٢٤) قوتابی و كۆمەڵەی ئەزمونگەری دوەم لە(٢٥) قوتابی و كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو لە(٢٥) قوتابی پێكهاتبون، دوای ئەوە توێژەران هاوسەنگیان لە نێوان هەرسێ كۆمەڵەكە ئەنجامدا لە گۆڕاوەكانی (تەمەن، زیرەكی، ئاستی دەستكەوتی دایكانی قوتابیان، ئاستی دەستكەوتی باوكانی قوتابیان، نمرەی بابەتی ئەدەبی كوردی ساڵی پێشوی قوتابیان)، توێژەران پێوەر ئامادەكراویان بەكارهێنا كە لەلایەن (عبدالرضا و بدن، 2014) دانرابون، پێوەرەكە لە(٤٤) برگە پێكدێت، وەڵامی برگەكانی پێوەرەكەش بریتییە لە (جێبەجێدەكەم بەرێژەیەكی زۆر، جێبەجێدەكەم بەرێژەیەكی مامناوەند، جێبەجێدەكەم بەرێژەیەكی كەم، جێبەجی ناكەم) دوای وەرگرتنی بیرورای شارەزایان لەسەر

گونجاوی پێوەرەکە، لەسەر نمونەی ڕاپرسی کە ژمارەیان(٣٦) قوتابی بون جێبەجێکرا، دوای دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیریی پێوەرەکە، پێش دەستپێکردن بە ئەزمونی توێژینەوەکە پێوەرەکە لەسەر نمونەی توێژینەوەکە جێبەجێکرا، ماوەی ئەزمونەکە لە ٢٠٢١/١٠/١٤ دەستیپێکرد لە ١٢/٧/ ٢٠٢١ کۆتایی هات، لە دواڕۆژی ماوەی ئەزمونەکە هەمان پێوەر لەسەر نمونەی توێژینەوەکە جێبەجێکرا، دوای شیکردنەوەی ئاماری توێژەران گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە هەردو کۆمەڵەی ئەزمونگەری سەرکەوتوبون بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، لە ژێر ڕۆشنایی دەرەنجامەکانیش توێژەران کۆمەڵێک ڕاسپاردەو پێشنیازیان دەرکرد.

**کلیلی وشەکان**: ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن، ستراتیژیەتی کورسی گەرم، پاڵنەری مەعریفی، ئەدەبی کوردی

## پێشەکی

## گرفتی توێژینەوە

تا ئێستاش بابەتی ئەدەب لە قوتابخانەکانمان پشت بە ڕێگەی خوێندنەوە دەبەستێت دەبێتە هۆی بێزاربونی قوتابیان و تێنەگەیشتنیان لە زۆرێک لەو بابەتانەی کە پێیان دەگوترێتەوە، بەمەش ناچاردەبن لەجیاتی تێگەیشتن و بیرکردنەوە، بابەتەکان ئەزبەربکەن، هەڵبەتە ئەمەش دەبێتە مایەی لاوازیی قوتابیان لەبابەتی ئەدەب و ڕق لێبونەوەیان بەرانبەری، قوتابیان هۆکاری لاوازییان لەم بابەتە دەگەڕیننەوە بۆ کەموکوڕی لەو ڕێگایەی کە مامۆستایان لە شیکردنەوەی بابەتەکان دەیگرنەبەر، کە لەگەڵ بەشەوانەی خوێندنەوە، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییەو هیچ لایەنێکی هونەری لەخۆ ناگرێت، چونکە هیچ وروژاندن و سەرنجڕاکێشان و پاڵنەرو هاندەرێکی تێدا نابیننەوە، بە هۆی هەستکردنیان بەوەی کە ئەم بابەتە هیچ سودێکی بۆ ژیانیان نابێت، یان بەشداری لە چارەسەکردنی گرفتەکانیان ناکات، بۆیە پشتگوێی دەخەن و بایەخی پێ نادەن. (مدكور، 2007، 66).

گرفتی گوتنەوەی بابەتی دەقە ئەدەبییەکان، کۆسپ لە بەردەم قوتابی دروست دەکات، چونکە وا هەست دەکات بارگرانییەکی زۆرە بەسەریەوەو زۆر بە کەمیش بایەخی پێدەدات، بۆیە پێی شەکەت دەبێت، وەک ئەوەی خۆی بە دیلێکی کۆتوبەندکراو ببینێت کە لە مافی ئازادی و هەنگاوهەڵهێنان بێبەش بێت. (الحمداني، 2007، 153).

زۆرێک لە توێژەران کۆکن لە سەر ئەوەی کە لاوازیی قوتابی لە بابەتی ئەدەب لەسەر خودی بابەتەکە یان لەسەر ئەو پرۆگرامەی کە دانراوەو دەخوێندرێت بەتەنها نەوەستاوە، بەڵکو زۆربەی هۆکارەکەی بۆ ئەو ڕێگایانەی وانەگوتنەوە کە لە ناو پۆل لەلایەن مامۆستاوە بەکاردەهێنرێن دەگەڕێتەوە، کە قوتابیان

بێزاردەکات و وایان لێ دەکات لە بابەتی ئەدەبی تێنەگەن و وەکو پێویستیش لە واتاکانی حاڵی نەبن و وەرینەگرن، ئەوەش بە هۆی ئەو وشە گرانانەی کە بابەتەکە لەخۆیدا هەڵی گرتوە، کە پێویستییان بە کەسێکە ڕاڤەیان بکات و واتاکانیان بۆ ڕونبکاتەوە، ئەو هۆیانەی کە باس لە زەحمەتبون و گرانی بابەتەکە دەکەن و هەرچەندە زۆرو جۆراوجۆر بن، هەر دەبێت بابەتی ئەدەب لە عەقڵ و توانای قوتابیان نزیک بکرێتەوەو وای لێ بکرێت لای قوتابی خۆشەویست بێت، ئەمە سەرباری چاندنی پاڵنەری فێربونی، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێگە سەرکەوتوانەدا دێتەدی کە وا لە مامۆستا دەکات توانای هێنانەدیی ئامانجەکانی لە گوتنەوەی وانەکەدا هەبێت، بەڵام ئەو ڕێگایانەی لە گوتنەوەی بابەتی ئەدەب دەگیرێنەبەر وشکن و هیچ نەرمونیانیەکیان تێدا نییەو تەنیا پشت بە ئەزبەرکردن دەبەستن.

لە ئەنجامی بەدواداچون و چاوپێکەوتنی توێژەر بە کۆمەڵێک لە مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی، سەبارەت بە لاوازی ئاستی پاڵنەری مەعریفی قوتابیان لە بابەتەکە، مامۆستایان هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ تێنەگەیشتنی قوتابیان و نزمی ئاستی دەستکەوت و نەبونی پاڵنەریان بۆ خوێندن و فێربونی بابەتەکە، توێژەر پێی وایە کە پەیڕەوکردنی ڕێگای ئاسایی لە وانەوتنەوەدا جگەلەوەی قوتابیان لە بابەتەکە تێناگەن، بەڵکو ئەم ڕێگایە ناتوانێت دەرفەتیان بۆ بڕەخسێنێت تاکو چێژ لە واتاو جوانی دەقەکانی بابەتی ئەدەبی کوردی وەربگرن، لەم بارەشدا قوتابیان توانای شیکردنەوەو تێگەیشتن و مەیلیان بۆ بابەتەکە نابێ و سەرەنجامیش ئەزبەرکردنی بۆ قوتابیان دەبێتە ئاستەنگ. هەروەها لە دەرئەنجامەکانی چەندان توێژینەوەی ئەزمونی، کە لە بارەی ئاستەنگییەکانی گوتنەوەی بابەتی ئەدەبی کوردییەوە ئەنجام دراون، وەکو توێژینەوەکانی (شێروانی،٢٠١٥) و (محەمەد،٢٠١٥) ئاماژە بۆنزمی و ئاستی دەستکەوت و پاڵنەری قوتابیان دەکەن لە بابەتی ئەدەبی کوردی.

هەندێک لە هۆکاری ئەم ئاستەنگیانە دەگەڕێتەوە بۆ خودی بابەتی ئەدەب کە لە قوتابخانەکانمان دەخوێندرێن، کە هیچ هەنگاوێکیش پێشنەکەوتوە، بە تایبەتیش بابەتی ئەدەب لە قۆناغی ئامادەیی کە هیچ مەبەست و ئامانجێکی چاوەڕوانکراوی لێ بەدیناکرێت، چونکە بابەتەکە بە شێوەیەکی ڕوکەشانە بۆ قوتابیان دەخرێتەڕو و دەگوترێتەوە، قوتابیانیش ئەم وانەیە بە گران دەزانن و بە جۆش وخرۆشەوە بۆی پەرۆش نین و پێشوازی لێ ناکەن، بەشێوەیەکی وشک دەگوترێتەوە، بێ ئەوەی بایەخ بە شیکردنەوەی بدرێت. (المياحي، 2019، 358).

توێژەر بەباشی زانی کە هەریەکە لەستراتیژیەتەکانی سێگۆشەی گوێگرتن و کورسی گەرم ئەزمون بکات بەمەبەستی زانینی کاریگەریەکەی لەسەر پاڵنەری مەعریفی لەبابەتی ئەدەبی کوردی. توێژەر کێشەی توێژینەوەکەی بەم پرسیارە دادەڕێژێت:

بەکارهێنانی ستراتیژیەتەکانی سێگۆشەی گوێگرتن و کورسی گەرم چ کاریگەری دەبێت لەسەر پەرەپێدانی پاڵنەری مەعریفی لەبابەتی ئەدەب لەلای قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە سەنتەری پارێزگای هەولێر؟

## گرنگی توێژینەوە

زمان لە پەروەردەکردنی قوتابیان و ئاراستەکردنیاندا، ئامرازی پەروەردەو فێرکردن و بەدەستهێنانی نمرەی بەرزو زانیارییە، ئەو بنەمایەیە کە بەدەستهێنان و فێربونی ئەزمونەکان و زانیارییەکان مسۆگەر دەکات، ئامرازێکیشە بۆ گەیاندنی ئەزمونەکان و عەمبارکردنیان و گواستنەوەی ئەو مەعریفەو زانیارییە عەمبارکراوانە بۆ نەوەکانی داهاتو و پاراستنی تاقیکردنەوەکان و دەرخستنی قۆناغەکانی و ئامادەسازی بۆ قۆناغە نوێیەکانی (الاوسي، 2019، 5).

توێژەران پێیان وایە کە زمانی کوردی بایەخێکی زۆری هەیە، بەوپێیەی ئەو بەستەرەیە، کە ڕۆڵەکانی پێکەوە دەبەستێتەوەو ئەو ئامرازەیە کە لێیەوە زانست و زانیاری بەسەر قوتابیان دادەبارێنێت، هەر لەورێگەیەشەوە پێش دەکەون و دەبێتە سەرچاوەی هێزیان، هەر لە پێناوی ئەوەشدا دەبێت بایەخی تەواوی پێ بدرێت.

بابەتی ئەدەب لقێکە لە لقەکانی زمانی کوردی، بایەخیشی لە ڕوی کاریگەری و دەوڵەمەندییەوە لە تەواوی لقەکانی دیکەی زمان کەمتر نییە و هەمو پێکەوە هاوکاریی یەکتری دەکەن و پێکەوە بەشداری لە تێگەیاندن و بەدەستهێنانی کارامەیی زمانەوانی دەکەن بۆ قوتابیان، هیچ تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەو ڕێنیشاندەری زمانی و گۆکردنی دروست بە بێ خوێندنەوەی ئەدەب مەحاڵەو نایەتەدی.

ئەدەب بایەخێکی گرنگی هەیە، وەک ئەوەی لە نێوان ئەدەب و زمان لە لایەک و نێوان ئەدەب و ژیانیش لە لایەکی دیکەوە، چونکە پەیوەندیی نێوان زمان و ئەدەب لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەدەب پێویستییەکی گەورەی بەدەستهێنانی بەهرەی زمانە، ئیبن خەلدون پێیوایە کە بەهرەی زمان بە ئەزبەرکردن و بیستنی بەردەوامی و ئاخاوتنی دێرینی خەڵک دەردەکەوێت، هەروەها پەیوەندیی ئەدەب و ژیان بەوەی، ئەدەب ڕەخنەگری ژیانەو ئاراستەیشی دەکات، لەوپەڕی واتایشیدا لێکۆڵینەوە لەسەر مرۆڤایەتی دەکات، چونکە ئەدەب ستون و کۆڵەگەی پتەوی و پاراستنی قەوارەی زمانە، هەر کاتێکیش زمان پارێزراو بێت، نەتەوەش تۆکمەو پارێزراو دەبێت، بەڵام ئەگەر قەوارەی زمان دابڕوخێت، ئەوا نەتەوەش پەرشوبڵاودەبێت وهیچ شتێک کۆی ناکاتەوە سەر یەک. (الساموک، والشمري، 2005، 211- 212).

قوتابیان لە قۆناغی ئامادەیی گەیشتونەتە ئاستێکی باشی پێگەیشتن و گەشەی عەقڵی یان زمانەوانی و چێژی هونەری، چونکە ئەوان پێویستییان بە لێکۆڵینەوەی ئەدەب هەیە، لێکۆڵینەوەیەکی فراوانترو بڕیاردان لەسەر ئەو دەقە ئەدەبیانەی کە دەیانخوێنن، جگە لەمانەش پێویستە یارمەتیان بدرێت لەسە توانای گەڕان و

هەڵهێنجانی زانیارییەکان و بیرۆکە نوێیەکان بە پشتبەستن بە خودی خۆیان، بۆیە مامۆستا لەو قۆناغەدا خۆی لە بەردەم ئەو قوتابیانەدا دەبینێتەوە کە زیاتر پێگەیشتون، لە ڕوی بیرکردنەوەو تێگەیشتنیش بە تواناترن زیاتریش خواست و ئومێدیان هەیە، لەوەی کە لە قۆناغی سەرەتاییدا بون، ئەمەش پێویستیی بەبەکارهێنانی جۆرە ڕێگاو شێوازێک هەیە بۆ وانە گوتنەوەی کە لەگەڵ قۆناغی گەشەکردنیاندا بگونجێت و وەڵامی بارە جیاوازەکانیان بداتەوە، هەروەها توانای لەسەر گەیاندنی بابەتەکە هەبێت بە شێوەیەک لەگەڵ ئامانجەکانی گوتنەوەی وانەی ئەدەبدا بگونجێت.

بۆیە بەکارهێنانی شێوازو ڕێگە نوێیەکان لەگەڵ بابەتی ئەدەب و دەقەکانی، لە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی کارێکی گرنگە، لەبەرئەوەی ئەو قۆناغە بە قۆناغێکی گرنگ لە پەیژەی خوێندن دادەنرێت و پردێکە بۆ پەڕینـەوەو گەیشتـن بە قۆنـاغەکانی زانکۆو پـەیمانگا باڵاکان، ئەم شێوازو ڕێگایانەش توانای زاڵبونیان بەسەر ئەو کۆسپ و لەمپەرانەدا هەیە کە لە سروشتی بابەتی ئەدەبەوە دێنە ئاراوە. (الرحو، 2012، 4).

هاوکات بۆ پەسەندکردنی بابەتەکەو ئاستی تێگەیشتنیان زیاتر دەکات و دەرفەتی زیاتریان بۆ بە دەستهێنانی مەعریفە لەلایەن خودی خۆیانەوە بۆ دەڕەخسێنێت، هەروەها لەسەر سەربەخۆبون و دەرخستنی تواناکانیان ڕایاندەهێنێت.

هەر لەبەرئەوەیە کە ئاراســتەکانی پەروەردەی ســەردەم جەخت لەســـەر بەکارهێنانی ڕێگا نوێیەکانی وانەگوتنەوە دەکەنەوە چونکە ڕەچاوی ئاســتی گەشــەی قوتابیان و پێداویســتی و توانا و ئارەزوەکانیان دەکاتەوە لەلایەک و جەخت دەکاتە سەر ڕۆڵی قوتابیان و بەشداری کردنیان وەک تەوەرێکی سەرەکی لە پرۆســـەکە لەلایەکی تر، ئەمانەش دەبێتە هۆی وروژاندنی پاڵنەری قوتابیان و چالاکی و گرنگی دان و ئەرێنی بونی ئاراســـتەیان بۆ بابەتی ئەدەبی کوردی، لەئەنجامی ئەمانەشـــدا کاریگەری دەبێت لەســـەر بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی مەعریفی قوتابیان لە بابەتەکەدا.

پاڵنەر ڕەگەزێکی سەرەکی پرۆسەی وانەوتنەوە پێکدەهێنێت، تاڕادەیەکی زۆر لەبەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان لای قوتابیان بەشداری دەکات، زۆرێک لەشارەزایان پێیان وایە لە هۆکارە سەرەکیەکانی جیاوازی تاکی لە دەستکەوتی خوێندن لە نێوان قوتابیان، بۆ جیاوازی ئاستی پاڵنەرەکانیان دەگەڕێتەوە، بۆیە هەر لەبەر گرنگی ڕۆڵی پاڵنەرە وای لە دەرونناسان و پەروەردەکاران کردوە، کە جەخت لەسەر ڕۆڵی پاڵنەر بکەنەوە وەکو ئامانجێکی فێرکاری بۆ ئەوەی وەکو فێربونێکی خوازراو بەدی بێت.(الزغلول، ٢٠١٢، ٢٢٧)

لێکۆڵینەوە لەپاڵنەرە مەعریفیەکانی قوتابیان، یارمەتیدەرە لە دیاریکردنی زۆرێک لە ئاراستەکانیان، وەکو ئارەزویان بۆ خوێندن و دەستکەوتەکانیان وئامانج و مەیلیان بۆ فێربون، پاڵنەر ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە زیادکردنی توانای قوتابیان بۆ فێربون و تێگەیشتنیان، بۆیە پێویستە لەسەر دام و دەزگا پەروەردەییەکان

به دروستکردنی بارودۆخێکی گونجاو بۆ پەرەپێدانی پاڵنەری مەعریفی لای قوتابیان.( biehler. 1990. 39)

سالآنه چەندان توێژینەوەی ئەزمونی و مەیدانی ئەنجام دەدرێت، کاریگەری چەندان ڕێگاو شێوازی نوێی وانەوتنەوە سەبارەت بە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابیان دەخرێتە ڕو،لەگەڵ ئەمەشدا دەرەنجامەکانی ئەو توێژینەوانە ئاماژە بۆ بەرزکردنەوەی پاڵنەری مەعریفی قوتابیان دەکەن، چونکە بونی پاڵنەر هۆکارە بۆ بەرزبونەوەی دەستکەوتی خوێندن، هەروەکو(الخليفی، ٢٠٠٠) لە توێژینەوەکەیدا ئاماژە بۆ هەبونی پەیوەندی ئاماری لە نێوان پاڵنەری مەعریفی و دەستکەوتی ئەکادیمی قوتابیان دەکات.(الخليفی، ٢٠٠٠، ٤٠)

توێژەرانی پەروەردەیی گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە ستراتیژیەتە هاوچەرخەکان لە وانەگوتنەوەدا بەکاربهێنرێت، وا لە قوتابی بکرێت کە کارا بێت پشت بە خودی خۆی ببەستێت، لەو ستراتیژییە گرنگانەش ستراتژییەکاني فێربونی چالاکە، کە ڕۆڵێکی کارایان لە پرۆسەی فێرکردنی قوتابیاندا هەیە،بەتایبەتی ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن، کە بەیەکێک لە ستراتیژییە گرنگەکان دادەنرێت کە پشت بە فێربونی بەکۆمەڵ دەبەستێت گرنگی بە گفتوگۆو هاندانی قوتابیان دەدات لەسەر سەلماندنی ڕۆڵیان لە کرداری فێرکردن و بونیادنانی مەعریفە بە خودی خۆیان. (ئەمبو سعيدي، 2016، 17).

بەشێوەیەکی گشتی، توێژەر لایەنە سەرەکیەکانی گرنگی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیەی خوارەوە دادەڕێژێت:

١-زمان بەشێوەیەکی گشتی گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئامرازێکی سەرەکی لێکتێگەیشتنە.

٢- ئەدەب گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە ناساندنی بەرهەم و شاکاری ئەدەبی کوردی بە قوتابیان و ڕۆڵی لە داڕشتنی مەیلی و هەڵوێستەکانیان.

٣- گرنگی ڕۆڵی شێوازو ستراتیژیەتە هاوچەرخەکانی وانەگوتنەوە بەتایبەت ستراتیژیەتی (سێگۆشەی گوێگرتن و کورسی گەرم) لە پرۆسەی فێرکردنی قوتابیان و پەرەپێدانی پاڵنەری مەعریفیان.

٤- گرنگی ڕۆڵی پاڵنەر لە پرۆسەی فێرکردن، کە هۆکارێکە بۆ تێگەیشتنی قوتابیان لە بابەت و بەدواداچونی بۆ وەرگرتنی شارەزایی و زانیاری زیاتر.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا زانینی کاریگەری ستراتیژییەکانی سێگۆشەی گوێگرتن وکورسی گەرمە لەسەر پەرەپێدانی پاڵنەری مەعریفی قوتابیانی پۆلی دەیەمی زانستی بەرەو بابەتەکە.

## گریمانەی توێژینەوە

١- جیاوازی مانادار ی ئاماری نییە، لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی هەرسێ کۆمەڵەی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی دوایینە لە پەرەپێدانی پاڵنەری مەعریفی لە بابەتی ئەدەبی کوردی

٢- جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزمونگەری یەکەم کە بە ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن وانە دەخوێنن، لەتاقیکردنەوەی (پێشینەو دوایینە) لە پەرەپێدانی پاڵنەری مەعریفی لە بابەتی ئەدەبی کوردی.

٣- جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزمونگەری دوەم، کە بەستراتیژیەتی کورسی گەرم وانە دەخوێنن لەتاقیکردنەوەی (پێشینەو دوایینە) لە پەرەپێدانی پاڵنەری مەعریفی لە بابەتی ئەدەبی کوردی.

٤- جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بەڕێگای ئاسایی وانە دەخوێنن لەتاقیکردنەوەی (پێشینەو دوایینە) لە پەرەپێدانی پاڵنەری مەعریفی لە بابەتی ئەدەبی کوردی.

## سنوری توێژینەوە

١-سنوری بابەت: بابەتەکانی پەرتوکی خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەیی

٢-سنوری کات: ساڵی خوێندنی(٢٠٢١- ٢٠٢٢)

٣-سنوری مرۆیی: قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی(بەشی زانستی)

٤-سنوری شوێن: سەنتەری شاری هەولێر

## دیاریکردنی زاراواکان

### یەکەم-کاریگەری (الأثر):

1 - ئەو ڕەفتارانەی کۆتاییان بە ئەنجامی دڵخۆشکەر، یان سەرکەوتو دێت، ئەوەش لە مەیلی مرۆڤ بۆ کرداری فێرکردن دێت، هەروەها دوبارەکردنەوەی ئەو ڕەفتارە لە هەڵوێستەکانی دواتری. (العیسوي واخرون، 2005، 17)

2- پێناسەی ڕێکاری کاریگەری

گۆڕانێکی مەعریفی مەبەستدارە کە لە لای قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزمونگەری ڕودەدات لەئەنجامی ڕوبەڕوبونەوەیان بە گۆڕاوی سەربەخۆ(سێگۆشەی گوێگرتن و کورسی گەرم) کە بە دەستکەوتی مەعریفی لە بابەتی ئەدەب پێوانە دەکریت.

## دوەم: ستراتیژیەت:

1- کۆمەڵە پلانێکی دورمەودایە، ئەرکەکانی بە ڕێگای سەرکەوتوانە ئەنجام دەدات و ڕێژەی پەرتوبڵاویی نێوان مەعریفەی ئێستاو ئامانجە فێرکارییەکانی قوتابیان کەمتر دەکاتەوە. (Schunk,2000, 113).

٢- پێناسەی ڕێکاری ستراتیژیەت

کۆمەڵە پلانێکە مامۆستا لە ناو پۆلی خوێندن لەسەریان دەڕوات بە مەبەستی گەیاندنی کۆمەڵێک مەعریفەو زانیاری بە قوتابیان بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجە فێرکارییەکان.

## سێیەم: ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن

1-ئەو ستراتیژیەتەیە کە هانی گفتوگۆ و گوێگرتن و ئاخاوتن و تۆمارکردن دەدات، ئەوەش لەمیانی کۆمەڵەیەکی سێ کەسی کە لە (گوێگر، قسەکەر، نوسەر) پێکهاتون، تیایدا ڕۆڵەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن. (الشمري، 2011، 50).

٢-پێناسەی ڕێکاری سێگۆشەی گوێگرتن

یەکێکە لەو ستراتیژییە چالاکانەی فێربون کە توێژەر تیایدا بابەتی خوێندن بۆ قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزمونگەری یەکەم دەوروژێنێت دوای ئەوە قوتابیەکانی بەسەر سێ گروپدا دابەش دەکات، گروپی قسەکەر، گروپی گوێگر، گروپی تێبینەر، بۆ ئەوەی هەر گروپێک سێگۆشەی گوێگرتن پێکبهێنێت بۆ گفتوگۆ لەسەر بابەتی ئەدەب لە نێوانیاندا، پاشان ڕۆڵەکان لە نێوان گروپەکاندا دەگۆڕدرێن.

## چوارەم: کورسیی گەرم

١- جاد الحق (2019): وا پێناسەی کورسیی گەرم دەکات بەوەی یەکێکە لە ستراتیژییەکانی فێربونی چالاک کە لە سەر داڕشتن و بینای پرسیارو گەشەپێدانی خوێندنەوە و گۆڕینەوەی بیروباوەڕی نێوان قوتابیان وەستاوە و بۆ چەسپاندنی بابەتێکی دیاریکراو (عبدالسلام، 2021، 111).

٢-پێناسەی ڕێکاری کورسیی گەرم

یەکێکە لەو ستراتیژییە چالاکانەی فێربون کە توێژەر تیایدا بابەتی خوێندن بۆ قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزمونگەری دوەم دەوروژێنێت مەبەست لێی فێرکردنی قوتابیانە لەسەر داڕشتنی پرسیار و ئاڵوگۆڕی

بیروڕاو گەشەپێدانی چەمکە ئەدەبیەکان لە مێشکی قوتابیاندا بە دابەشکردنیان بەسەر گروپ و دانانی کورسییە گەرمەکە نزیک تەختە.

## پێنجەم: پاڵنەری مەعریفی

١- ئارەزوی قوتابییە بۆ مەعریفەو زانین وبەدواداگەڕان و ناسینی ژینگەکەی.(الكبيسي و الداهري، ٢٠٠١، ٦٤)

٢-پێناسەی ڕێکاری پاڵنەری مەعریفی

ئارەزوی قوتابیانی نمونەی توێژینەوەیە لەسەر بەدەست هێنانی مەعریفەو زانیاری و بەدواداگەڕان. بەو نمرەیەی لە وەڵامدانەوەی قوتابیان لەسەر پێوەرێکی تایبەت کە بۆ مەبەستی توێژینەوەکە ئامادەکراوە دەپێورێت.

## شەشەم: ئەدەب

1-ئەو زانستەیە کە بەدوای بارودۆخی زماندا دەگەڕێت، هەروەها بەرهەمی ناخ و هەستی ڕۆڵەکانیەتی لە هۆنراوەو پەخشان و چیرۆک لە سەردەم و قۆناغە جیاوازەکاندا. (البجه، 2005، 355).

٢- پێناسەی ڕێکاری ئەدەب

کۆمەڵێک بابەتی ئەدەبیە کە لە پەرتوکی بڕیاردراوی خوێندنی پۆلی دەیەمی ئامادەییدا هەن، کە توێژەر لە ماوەی ئەزمونیدا بۆ هەرسێ کۆمەڵەی توێژینەوەکە پشتی پێبەست.

## ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

## یەکەم: ڕێبازی توێژینەوە

ڕێبازی گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕێبازی ئەزمونی چونکە سروشتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانی پێویست دەکات کە توێژینەوەکە ئەزمونی بێت، ئەم ڕێبازە بە کاریگەرترین ڕێبازی توێژینەوە دادەندرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگایەکی دروست و زانستیانە. (بدر، 1994، 276 )

## دوەم: نەخشەسازی (دیزاینی) ئەزمونی توێژینەوە Experimental Design :

بەلەبەرچاوگرتنی سروشتی توێژینەوەکە بۆ مەبەستی هێنانەدی ئامەنجەکانی، توێژەر پشتی بە دیزایینی ئەزمونی بەست کە لە سێ کۆمەڵەی هاوسەنگ پێک دێت، دیزاینی دو کۆمەڵەی ئەزمونگەری و یەک کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو، تاقیکردنەوەی پێشینە و تاقیکردنەوەی دواییینە بۆ پاڵنەری مەعریفی، هەروەکو لە خشتەی ژمارە(١) ڕونکراوەتەوە.

**خشتەی (1) دیزایینی ئەزمونی توێژینەوەکە**

| کۆمەڵە | تاقیکردنەوەی پێشینە | گۆڕاوی سەربەخۆ | تاقیکردنەوەی دواییبە |
|---|---|---|---|
| ئەزمونگەری یەکەم | پاڵنەری مەعریفی | ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن | پاڵنەری مەعریفی |
| ئەزمونگەری دوەم | | ستراتیژیەتی کورسی گەرم | |
| کۆنترۆڵکراو | | ڕێگای ئاسایی | |

## سێیەم: کۆمەڵگای توێژینەوەکەو نمونەکەی

### کۆمەڵگای توێژینەوەکە Research Population

دیاریکردنی کۆمەڵگای توێژینەوەکە یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکانی ڕێبازی توێژینەوەکە، کە پەیوەستە بە ئەنجامدانی توێژینەوەکە و دیزاینکردنی ئامرازەکانی، کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان پێک دێت لە هەمو قوتابیانی کچ لە پۆلی(١٠) دەیەمی زانستی لە قوتابخانە دواناوەندی وئامادەییەکانی سەر بە پەروەردەی ناوەندی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠٢١- ٢٠٢٢) کە ژمارەیان دەکاتە (٦٠٤٤) قوتابی لە (٥٣) قوتابخانە کە بە ڕۆژ دەوام دەکەن، بەشێوەیەک کە (٤٣) قوتابخانەی کچان(١٠) قوتابخانەی تێکەڵاون، توێژەر ئەم ئامارەی لە یەکەی پلاندانانی پەروەردەیی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سەنتەری شاری هەولێر وەرگرتوە.

### ٢- نمونەی قوتابخانەکە Research Sample

نمونەی توێژینەوەکەی توێژەر بریتیبو لە قوتابخانەی ئامادەیی (شەهید مەئمون دەباغی کچان) کە بەشێوەیەکی مەبەستدار هەڵی بژارد بۆ مەبەستی ئەنجام دانی ڕێکاریەکانی توێژینەوەکەی. ئەویش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

أ-گونجاوی هەڵکەوتەی جوگرافی قوتابخانەکە لەگەڵ کات و دەرفەتی توێژەر بۆ ئەنجامدانی کاری توێژینەوەکە بەبێ کێشە و گرفت.

ب-بونی سێ پۆلی خوێندنی دەیەمی ئامادەیی لەم قوتابخانەیەدا،کە گونجاوە لەگەڵ گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

ج- کارگێڕی قوتابخانە هاوکاری و وەڵامدانەوەی نیشان دا بۆ ئاسانکاریکرن لە جێبەجێکردنی ئەزمونی توێژینەوەکە.

## نمونەی قوتابیان

ژمارەی قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی (١٠٦) قوتابی کچ بون، کە بەسەر چوار پۆلی خوێندن دابەشکرابون، توێژەر لە ڕێگەی تیروپشکەوە کۆمەڵەکانی توێژینەوەکەی دیاری کرد، بەشێوەیەک پۆلی(د) نوێنەرایەتی کۆمەڵەی ئەزمونگەری یەکەمی دەکرد کە بەستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن وانەیان پێگوترایەوە، پۆلی(ج) نوێنەرایەتی کۆمەڵەی ئەزمونگەری دوەمی دەکرد کە بەستراتیژیەتی کورسی گەرم وانەیان پێگوترایەوە، پۆلی(ب) نوێنەرایەتی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراوی دەکرد کە بەڕێگای ئاسایی پەیرەوکراو وانەیان پێگوترایەوە، دوای دورخستنەوەی قوتابیانی کەوتو کە ژمارەیان (٨) قوتابی بو، ژمارەی قوتابیانی کۆمەڵەی توێژینەوەکە بو بە (٧٤) قوتابی، هەروەکو لە خشتەی ژمارە (٢) ڕون کراوەتەوە:

**خشتەی ژمارە(٢) ژمارەی قوتابیانی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە**

| | کۆمەڵە | گروپ | ژمارەی قوتابیان بەر لە دورخستنەوە | ژمارەی قوتابیانی کەوتو | ژمارەی قوتابیان لە دوای دورخستنەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| شەهید مەئمون دەباغی کچان | ئەزمونگەری ١ | د | 26 | 2 | 24 |
| | ئەزمونگەری ٢ | ج | 28 | 3 | 25 |
| | کۆنترۆڵکراو | ب | 28 | 3 | 25 |
| | کۆی گشتی | | 82 | 8 | 74 |

## چوارەم: هاوسەنگکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوە

هەرچەندە تەواوی تاکەکانی ئەم توێژینەوەیە لەیەک قوتابخانەدایە و ژینگەیەکی تاڕادەیەک هاوشێوەی هەیە، بەڵام توێژەر بە گرنگی زانی لە ڕوی ئامارییەوە کار لەسەر هاوسەنگکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکەی بکات لەچەند گۆڕاوێکی جیاوازدا، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١-تەمەنی قوتابیان هەژمارکراو بە مانگ

٢-زیرەکی

٣-نمرەی کۆتایی قوتابیان لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی ساڵی پێشو

٤-تاقیکردنەوەی پێشینە بۆ پێوەری پاڵنەری مەعریفی

٥-ئاستی خوێندنی باوکانی قوتابیان

٦-ئاستی خوێندنی دایکانی قوتابیان

**خشتەی ژمارە (٣) ئەنجامی ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری و شیتەڵکردنەوەی جیاوازییە یەکییەکان بۆ هاوسەنگکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەەلە گۆڕاوەکانی تەمەن و زیرەکی ونمرەی سالی پێشوی قوتابیان**

| هاوسەنگکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوە | کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | سەرچاوەکانی جیاوازی | کۆی دوجاکان | نمرەکانی ئازاد | کۆی ناوەندی دوجاکان | بەهای f هەژمارکراو | بەهای sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەنی قوتابیان هەژمارکراو بە مانگ | ئەزمونگەری ١ | 181.5000 | 6.60040 | جیاوازی نێوان گروپەکان | 55.038 | 2 | 27.519 | 0.958 | 0.388 |
| | ئەزمونگەری ٢ | 179.4400 | 3.97995 | جیاوازی ناو گروپەکان | 2038.800 | 71 | 28.715 | | |
| | کۆنترۆڵکراو | 180.8800 | 5.23068 | جیاوازی هەمویی | 2093.838 | 73 | | | |
| زیرەکی | ئەزمونگەری ١ | 64.1250 | 3.59120 | جیاوازی نێوان گروپەکان | 27.244 | 2 | 13.622 | 0.861 | 0.427 |
| | ئەزمونگەری ٢ | 64.2800 | 4.21821 | جیاوازی ناو گروپەکان | 1123.905 | 71 | 15.830 | | |
| | کۆنترۆڵکراو | 65.4800 | 4.08371 | جیاوازی هەمویی | 1151.149 | 73 | | | |
| نمرەی کۆتایی قوتابیان لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردیساڵی پێشو | ئەزمونگەری ١ | 73.2083 | 10.45063 | جیاوازی نێوان گروپەکان | 56.738 | 2 | 28.369 | 0.324 | 0.725 |
| | ئەزمونگەری ٢ | 75.3600 | 9.07322 | جیاوازی ناو گروپەکان | 6225.478 | 71 | 87.683 | | |
| | کۆنترۆڵکراو | 74.3600 | 8.50921 | جیاوازی هەمویی | 6282.216 | 73 | | | |
| تاقیکردنەوەی پێشینە بۆ پێوەری پاڵنەری مەعریفی | ئەزمونگەری ١ | 109.708 | 9.072 | جیاوازی نێوان گروپەکان | 229.987 | 2 | 114.994 | 1.433 | 0.245 |
| | ئەزمونگەری ٢ | 111.800 | 8.005 | جیاوازی ناو گروپەکان | 5697.918 | 71 | 80.252 | | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆنترۆڵکراو | 114.040 | 9.718 | جیاوازی هەمویی | 5927.905 | 73 | | | |

بۆ زانینی بەهای جیاوازی نێوان هەر سێ کۆمەڵەی توێژینەوەکە، توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و شیتەڵکردنەوەی جیاوازییە یەکییەکانی بەکارهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە بەهای (sig) لە هەمو ئەو گۆڕاوانەدا گەورەترە لە بەهای (α=0.05) ئەمەش مانای نەبونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە لە نێوان قوتابیانی هەرسێ کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوانە.

**خشتەی ژمارە(٤) ئەنجامی تاقیکردنەوەی کای دوجا بۆ هاوسەنگکردنی قوتابیانی هەر سێ کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە ئاستی خوێندنی باوکان و دایکانی قوتابیان**

| ئاستی خوێندنی باوکانی قوتابیان | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | سەرەتایی بەخوارەوە | ئامادەیی بەخوارەوە | دبلۆم بەسەرەوە | پلەی ئازادی | بەهای (کا٢) هەژمارکراو | بەهای (sig) |
| ئەزمونگەری ١ | 7 | 15 | 2 | 4 | 3.31 | 0.507 |
| ئەزمونگەری ٢ | 12 | 10 | 3 | | | |
| کۆنترۆڵکراو | 12 | 10 | 3 | | | |
| ئاستی خوێندنی دایکانی قوتابیان | | | | | | |
| ئەزمونگەری ١ | 6 | 16 | 2 | 4 | 4.437 | 0.35 |
| ئەزمونگەری ٢ | 5 | 12 | 8 | | | |
| کۆنترۆڵکراو | 5 | 13 | 7 | | | |

بۆ زانینی بەهای جیاوازی نێوان هەر سێ کۆمەڵەی توێژینەوەکە، توێژەر بەهای کای دوجای بەکارهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە بەهای( sig گەورەترە لە بەهای (α=0.05) ئەمەش مانای نەبونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە لە نێوان قوتابیانی هەرسێ کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوانە.

## پێنجەم: پێداویستییەکانی توێژینەوە Requirements of the Research

### ١-دیاریکردنی بابەتی خوێندن

لە ماوەی جێبەجێکردنی ئەزمونی توێژینەوەکە، (١١) بابەت بۆ خوێندن بۆ هەر سێ کۆمەڵەکە، لە پەرتوکی زمان و ئەدەبی کوردی دیاریکرا.

### ٢- ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە

بۆ ئەم مەبەستە توێژەر (١٤) پلانی وانە وتنەوەی بۆ هەردو کۆمەڵەی ئەزمونگەری و کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو ئامادەکرد.

## شەشەم: ئامرازی توێژینەوەکە Tools of the Research

توێژەر پێوەری پاڵنەری مەعریفی ئامادەکراوی بەکارهێنا کە لەلایەن(عبدالرضا و بدن، 2014)دانرابون، پێوەرەکە لە(٤٤) بڕگە پێک دێت، کە هەمو بڕگەکان ئیجابین، وەڵامی بڕگەکانی پێوەرەکەش بریتیەلە (جێبەجێدەکەم بەڕێژەیەکی زۆر، جێبەجێدەکەم بەڕێژەیەکی مامناوەند، جێبەجێدەکەم بەڕێژەیەکی کەم، جێبەجی ناکەم)

## هەشتەم: هەڵەچنینی تاقیکردنەوەکە

توێژەر نمرەی قوتابیانی پێوەری پاڵنەری مەعریفی هەژمارکرد، ئەویش بە دۆزینەوەی کۆی وەڵامدانەوەی ئەو نمرانەی کە قوتابیان لەهەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی پێوەرەکە بەدەستیان هێناوە کە نمرەی گشتی دەنوێنێت. نمرەی گشتی لەسەر پێوەرەکە لە نێوان(٤٤ – ١٧٦)

## نۆیەم: ئاماژەکانی ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەی پاڵنەری مەعریفی

### ١- ڕاستگۆیی ڕوکەشی

بە مەبەستی بەدیهێنانی ڕاستگۆیی ڕوکەشی بۆ پێوەرەکە، توێژەر لیستێکی لە پێوەرەکە دا بەژمارەیەک لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری، ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەرونزانی پەروەردەیی و پێوانەو هەڵسەنگاندن چەند مامۆستایەکی بابەتی ئەدەب، بۆ دەربرینی ڕاو بۆچونەکانیان لەسەر ڕواڵەتی بڕگەکانی پێوەرەکەو ئاستی گونجانیان، لە دوای وەرگرتنەوەی وەڵامی شارەزایان و پسپۆڕان، بەبێ ئەوەی هیچ بڕگەیەکی لێ کەم بکریتەوە بڕگەکانی پێوەرەکە هەموی پەسەندکران بەڵام چەند گۆڕانکاریەکی کەم لە ڕوی داڕشتنی زمانەوانییەوە ئەنجام درا.

## ٢-ڕاستگۆیی وەرگێڕان

توێژەر لیستەکەی خستەڕو بۆ دو شارەزا لە بواری زمانی کوردی بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی وەرگێڕان، کە بڕگەو دەستەواژەکانی پێوەرەکە لە زمانی عەرەبیەوە وەرگێڕا بۆ سەر زمانی کوردی، لە دواییدا لیستە کوردیەکە درا بە دو لەشارەزایانی زمانی عەرەبی بە مەبەستی وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی و پاشان بەراوردکردنی نوسخەی عەرەبی لەگەڵ نوسخەی کوردی لە لایەن شارەزایانی زمانی عەرەبی، دەرکەوت کە هەردو وەرگێڕانەکە زۆر نزیکن لە یەکتر، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە وەرگێڕانەکە ئامرازێکی ڕاستگۆیە دەکرێ پشتی پێ ببەسترێت.

## دەیەم - جێگیری تاقیکردنەوە

توێژەر پێوەرەکەی لەسەر نمونەی ڕاپرسی جێبەجێکرد، کە لە (٣7) قوتابی پێکهاتبو لە قوتابیانی پۆلی دەیەم لە قوتابخانەی (ئامادەیی هەلالەی کچان) لە ناوەندی پارێزگای هەولێر، توێژەر هەژماری جێگیری تاقیکردنەوەکەی کرد بە ڕێگای بەشکردنی نیوەیی، دەرهێنانی هاوکۆلکەی جێگیریی بۆ هەردو نیوە بە هاوکۆلکەی(جتمان)کە ڕێژەکەی گەیشتە (0,8١) وەئەمەش ڕێژەی جێگیرییەکەی باشە چونکە بەرزترە لەڕێژەی (0.70)

## یازدەیەم- جێبەجێکردنی ئەزمونەکە

دوای ئامادەکردنی هەمو ڕێکارییەکانی ئەزمونەکە، بە سەرپەرشتی توێژەر، مامۆستای بابەت دەستیکرد بە جێبەجێکردنی ئەزمونەکە لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2021/10/١٢) لە پەرتوکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی دەیەمی ئامادەیی، ماوەی ئەزمونەکە یەکسان بو بۆ هەرسێ کۆمەڵەی توێژینەوەکە، بەردەوام بو تا ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (2021/١2/٧) کە دەکاتە هەمان ڕۆژی تاقیکردنەوەی پێوەری پەرەپێدانی پاڵنەری مەعریفی.

## دوازدەیەم: هۆکارە ئامارییە بەکارهاتوەکان_Statistical Produces

توێژەر هەگبەی ئاماری ( SPSS) بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکەی.

## خستنەڕوی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و گفتوگۆکردنیان

ئەنجامەکان بە پێی گریمانەی سفری دەخرێنە ڕو کە دەقەکەی بریتییە لە:

١-جیاوازی مانادار ئاماری نییە، لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی هەرسێ کۆمەڵەی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی دوایینە لە پەرەپێدانی پاڵنەری مەعریفی لە بابەتی ئەدەبی کوردی.

بۆ سەلماندنی ئەو گریمانەیە، توێژەر هەژماری ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری کرد، هەروەها بۆ زانینی دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەی ژمێرەیی نمرەکانی قوتابیانی هەر سێ کۆمەڵەی توێژینەوە (ئەزمونگەری یەکەم و ئەزمونگەری دوەم و کۆنترۆڵکراو) لە پێوەری دوایینەی پاڵنەری مەعریفی، توێژەر شیتەڵکردنەوەی جیاوازییە یەکییەکانی بەکارهێنا خشتەی ژمارە (٥) ئەمە ڕون دەکاتەوە:

**خشتەی (٥) ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری نمرەکانی قوتابیانی کۆمەڵەکانی توێژینەوە**

**لە تاقیکردنەوەی پاڵنەری مەعریفی**

| کۆمەڵەکان | ژ.قوتابیان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| کۆمەڵەی ئەزمونگەری 1 | 24 | 137.8333 | 7.59672 |
| کۆمەڵەی ئەزمونگەری 2 | 25 | 131.9200 | 4.99933 |
| کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو | 25 | 116.9600 | 6.72359 |

بۆ زانینی دەلالەتی ئاماری ئەم جیاوازییە توێژەر شیتەڵکردنەوەی جیاوازییە یەکییەکانی بەکارهێنا، خشتەی ژمارە(٦) ئەمە ڕون دەکاتەوە:

**خشتەی(٦) ئەنجامی شیەڵکردنەوەی جیاوازییە یەکییەکان لە نێوان**

**ناوەندە نمرەی قوتابیانی هەرسێ کۆمەڵەی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی دوایینەی پاڵنەری مەعریفی**

| گۆڕاو | سەرچاوەکانی جیاوازی | کۆی دوجاکان | نمرەکانی ئازاد | کۆی ناوەندی دوجاکان | بەهای(F) هەژمارکراو | Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **تاقیکردنەوەی دوایینەی پاڵنەری مەعریفی** | جیاوازی لە نێوان گروپەکان | 5706.407 | 2 | 2853.204 | 67.254 | 0.000 |
| | جیاوازی لە ناو گروپەکان | 3012.133 | 71 | 42.424 | | |
| | جیاوازی هەمویی | 8718.541 | 73 | | | |

لەم خشتەیەدا ڕون دەبێتەوە کە بەهای (Sig = 0.000) بچوکترە لە بەهای ($\alpha$=0.05) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی هەرسێ کۆمەڵەی توێژینەوەکە.بۆیە گریمانەی سفری ڕەت دەکرێتەوە و گریمانەی بەدیل پەسەند دەکرێت.

بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوەکانی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ، توێژەر بەهای چوارگۆشەی ئیتا($\eta^2$) و قەبارەی کاریگەری کۆهینی دۆزییەوە، کە تایبەتە بە شیتەڵکردنەوەی یەکیەکان(ANOVA) هەروەکو لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕون کراوەتەوە:

**خشتەی (٧)بەهای چوارگۆشەی ئیتا وقەبارەی کاریگەری کوهین**

| کۆی چوارگۆشەکانی نێوان گروپەکان | کۆی گشتی چوارگۆشەکان | هاوکۆلکە | بەهای دەرهێنراو | پێوەرەکانی کاریگەری | | | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | Small | Med | Big | |
| 5706.407 | 8718.541 | $\eta^2$ | 0.654 | 0.01 | 0.06 | 0.14 | Big |
| | | D | 2.749 | 0.2 | 0.5 | 0.8 | Big |

بەپێی ئاماژەکانی قەبارەی کاریگەری کوهین، کە لە خشتەی سەرەوەدا نیشان دراوە، بۆمان دەردەکەوێت کە بەهای چوارگۆشەی ($\eta$2) و قەبارەی کاریگەری (d) گەورەن.

لەبەرئەوەی شیتەڵکردنەوەی جیاوازییە یەکییەکان ئاراستەی جیاوازیی نێوان هەر سێ کۆمەڵەی توێژینەوەکە دیاری ناکات، بۆیە پێویستی بە پشت بەستن بە شێوازێکی تری ئاماری هەیە کە جیاوازی نێوان کۆمەڵەکان دەستنیشان بکات و ئاراستەکەی دیاری بکات، بۆیە تویژەر تاقیکردنەوەی شیفێی(Sheffe)بەکارهێنا. خشتەی ژمارە(٨)ئەمە ڕون دەکاتەوە:

**خشتەی (٨) بەهای شیفێ بۆ زانینی ئاراستەی**

**کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی پاڵنەری مەعریفی**

| ز | کۆمەڵەکان | بەهای شیفێی هەژمارکراو | قیمة شیفیه الحرجة | Sig |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لە نێوان کۆمەڵەی ئەزمونگەری ١ و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو | 125.755 | 6.3 | 0.0000 |
| 2 | لە نێوان کۆمەڵەی ئەزمونگەری ٢ و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو | 65.942 | | 0.0000 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 3 | لە نێوان کۆمەڵەی ئەزمونگەری 1 و کۆمەڵەی ئەزمونگەری ٢ | 10.093 | | 0.0089 |

لەم خشتەیەدا ڕون دەبێتەوە، کەجیاوازی مانادارى ئامارى هەیە لە نێوان کۆمەڵەی ئەزمونگەرى یەکەم کە قوتابییەکان وانەیان بەگوێرەی ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن دەخوێند، و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە وانەیان بەگوێرەی ڕێگایی ئاسایی دەخوێند، چونکە بەهاى(Sig) کە تایبەتە بە بەهاى(Schaffe Value) دەکاتە(0.0000)بچوکترە لەبەهای(α=0.05) کەواتە لەبەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزمونگەرى یەکەمدایە.

جیاوازی مانادارى ئامارى هەیە لە نێوان کۆمەڵەی ئەزمونگەرى دوەم کە قوتابییەکان وانەیان بەگوێرەی ستراتیژیەتی کورسی گەرم دەخوێند و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە وانەیان بەگوێرەی ڕێگایی ئاسایی دەخوێند، چونکە بەهاى(**Sig**) کە تایبەتە بەبەهای(Schaffe Value) دەکاتە(0.0000)بچوکترە لەبەهای(α=0.05) کەواتە لەبەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزمونگەرى دوەمدایە.

جیاوازی مانادارى ئامارى هەیە لە نێوان کۆمەڵەی ئەزمونگەرى یەکەم کە قوتابییەکان وانەیان بەگوێرەی ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن دەخوێند و کۆمەڵەی ئەزمونگەرى دوەم کە قوتابییەکان وانەیان بەگوێرەی ستراتیژیەتی کورسی گەرم دەخوێند، چونکە بەهاى(**Sig**) کە تایبەتە بەبەهای(Schaffe Value) دەکاتە(0.0089)بچوکترە لەبەهای(α=0.05) بە پێی هەژماری ناوەندە ژمێرەیی، کەواتە لەبەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزمونگەرى یەکەمدایە.

٢-جیاوازی مانادارى ئامارى نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزمونگەری یەکەم کە بە ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن وانە دەخوێنن، لەتاقیکردنەوەی (پێشینەو دوایینە) لە پەرەپێدانی پاڵنەری مەعریفی لە بابەتی ئەدەبی کوردی.

بۆ سەلماندنی دروستی ئەو گریمانەیەو زانینی دەلالەتی جیاوازی ئاماری، توێژەر تاقیکردنەوەی تائی بۆ دو نمونەی پەیوەندیداری بەکارهێنا، هەروەکو لەم خشتەیەی خوارەوە ڕونکراوەتەوە:

**خشتەی (٩) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ نمرەکانی پەرەپێدانی**

**پاڵنەری مەعریفی (پێشینە و دوایینە) لە کۆمەڵەی ئەزمونگەری ١**

| تاقیکردنەوە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێری جیاوازی | لادانی پێوەری جیاوازی | Sig | دەلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پێشینە | 108.375 | 8.7913 | 29.4583 | 10.6892 | 0.000 | ماناداره |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | 7.5967 | 137.833 | دوایینه |

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو خشتەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەهای(Sig=0.000) بچوکترە لە بەهای(α=0.05)بەم شێوەیە گریمانەی سفری ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی بەدیل پەسەند دەکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزمونگەری یەکەم، لە تاقیکردنەوەی پێشینە ودواییینەی پاڵنەری مەعریفی، کە لە بەرژەوەندی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی دوایینەدایە.

بۆ زانینی ڕێژەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ(ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن) لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ(پاڵنەری مەعریفی) بەهای قەبارەی کاریگەری تایبەت بە تاقیکردنەوەی (t-test) بۆ دو نمونەی پەیوەندیدار دۆزرایەوە، هەروەک لەم خشتەی خوارەوەدا ڕون کراوەتەوە:

**خشتەی (١٠) بەهای قەبارەی کاریگەری (d)**

| بەهای تائی دەرهێنراو | هاوکۆلکە | بەهای دەرهێنراو | پێوەرەکانی کاریگەری | | | بڕی کاریگەرییەکەی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | Small | Med | Big | |
| 13.501 | D | 2.755 | 0.2 | 0.5 | 0.8 | Big |

بەپێی ئاماژەی قەبارەی کاریگەری کۆهین کە لە خشتەی سەرەوەدا نیشان دراوە، بۆمان دەردەکەوێت کە بەهای قەبارەی کاریگەری (d) گەورەیە.

٣-جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزمونگەری دوەم، کە بەستراتیژیەتی کورسی گەرم وانە دەخوێنن لەتاقیکردنەوەی (پێشینەو دوایینە) لە پەرەپێدانی پاڵنەری مەعریفی لە بابەتی ئەدەبی کوردی.

بۆ سەلماندنی دروستی ئەو گریمانەیە و زانینی دەلالەتی جیاوازی ئاماری، توێژەر تاقیکردنەوەی تائی بۆ دو نمونەی پەیوەندیداری بەکارهێنا هەروەکو لەم خشتەیەی خوارەوە ڕونکراوەتەوە:

**خشتەی (١١) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ نمرەکانی پەرەپێدانی**

**پاڵنەری مەعریفی (پێشینە و دوایینە) لە کۆمەڵەی ئەزمونگەری٢**

| تاقیکردنەوە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێری جیاوازی | لادانی پێوەری جیاوازی | Sig | دەلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پێشینە | 111.80 | 8.0052 | 20.120 | 8.447 | 0.000 | مانادارە |
| دوایینە | 131.92 | 4.9993 | | | | |

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو خشتەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەهای(Sig=0.000) بچوکترە لە بەهای(α=0.05)بەم شێوەیە گریمانەی سفری ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی بەدیل پەسەند دەکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزمونگەری دوەم لە تاقیکردنەوەی پێشینە ودواییینەی پاڵنەری مەعریفی، کە لە بەرژەوەندی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی دواینەدایە.

بۆ زانینی ڕێژەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ(ستراتیژیەتی کورسی گەرم) لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ(پاڵنەری مەعریفی) بەهای قەبارەی کاریگەری کوهین تایبەت بە تاقیکردنەوەی (t-test) بۆ دو نمونەی پەیوەندیدار دۆزرایەوە، هەروەک لەم خشتەی خوارەوەدا ڕون کراوەتەوە:

**خشتەی (١٢) بەهای قەبارەی کاریگەری (d)**

| بەهای تائی دەرهێنراو | هاوکۆلکە | بەهای دەرهێنراو | پێوەرەکانی کاریگەری | | | بڕی کاریگەرییەکەی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | Small | Med | Big | |
| 11.909 | D | 2.3818 | 0.2 | 0.5 | 0.8 | Big |

بەپێی ئاماژەی قەبارەی کاریگەری کۆهین کە لە خشتەی سەرەوەدا نیشان دراوە، بۆمان دەردەکەوێت کە بەهای قەبارەی کاریگەری (d) گەورەیە.

٤-جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بەڕێگای ئاسایی وانە دەخوێنن لەتاقیکردنەوەی (پێشینەو دواییینە) لە پەرەپێدانی پاڵنەری مەعریفی لە بابەتی ئەدەبی کوردی.

بۆ سەلماندنی دروستی ئەو گریمانەیەو زانینی دەلالەتی جیاوازی ئاماری، توێژەر تاقیکردنەوەی تائی بۆ دو نمونەی پەیوەندیداری بەکارهێنا، هەروەکو لەم خشتەیەی خوارەوە ڕونکراوەتەوە:

**خشتەی (١٣) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ نمرەکانی پەرەپێدانی**

**پاڵنەری مەعریفی (پێشینە و دوایینە) لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو**

| تاقیکردنەوە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێری جیاوازی | لادانی پێوەری جیاوازی | Sig | دەلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پێشینە | 114.04 | 9.7188 | 2.920 | 9.7678 | 0.148 | مانادارنییە |
| دوایینە | 116.96 | 6.7235 | | | | |

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو خشتەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەهای(Sig=0.148) گەورەترە لە بەهای(α=0.05) بەم شێوەیە گریمانەی سفری پەسەند دەکرێت و گریمانەی بەدیل ڕەتدەکرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی مانا‌داری ئاماری نییە لە نێوان ناوەندی نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێش ینە ودوایینەی پاڵنەری مەعریفی.

## تاوتوێکردنی ئەنجامەکان

**أ**- سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزمونگەری یەکەم کە وانەیان بەگوێرەی ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن دەخوێند بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان وانەیان بە ڕێگای ئاسایی دەخوێند، ئەم ئەنجامەش یەک دەگریتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (مەحمود،٢٠٢١) (علی،٢٠٢٢) (توفیق،٢٠١٩) توێژەر هۆکاری ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن دەبێتە هۆی فەراهەم کردنی ژینگەیەکی گفتوگۆو ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان قوتابیان لە ناو پۆل، کە فێرکردنی سەردەم جەختی لەسەر دەکاتەوە هەروەها بەکارهێنانی ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن دەبێتە هۆی دروستبونی گیانی هاوکاری لەنێوان قوتابیاندا و گۆڕینەوەی بیروبۆچونەکانیان و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان، ئەمەش دەبێتە هۆی تێگەیشتنی قوڵتری قوتابیان لە چەمکو زانیاریەکانی بابەتەکە. لەبەر ئەوەی ستراتیژییەکی نوێیە، قوتابیان حەزو گرنگی دان و مەیلیان بۆ بابەتی ئەدەب ئەرێنی دەبێت، بەمەش هەوڵەکانیان بۆ

فێربون و خوێندنی بابەتەکە زیاتر دەبێت.ئەمەش کاریگەری دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی پاڵنەری قوتابیان لە وانەکەدا.

**ب-** سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزمونگەری دوەم کە وانەیان بەگوێرەی ستراتیژیەتی کورسی گەرم دەخوێند بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان وانەیان بە ڕێگای ئاسایی دەخوێند، ئەم ئەنجامەش یەک دەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی(البری،٢٠٢٠) و(ناصر2019) توێژەر هۆکاری ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ بەکارهێنانی ستراتیژیەتی کورسی گەرم کە دەبێتە هۆی چالاک بونی قوتابی لە پرۆسەی فێربون و یارمەتی قوتابی دەدات کە پشت بەخۆی ببەستێت لە دروست کردنی پرسیارو شیکردنەوەی بابەتەکە. لە ئەنجامی دروست بونی ئەو کارلێکە ئەرێنیەی کە ئەو ستراتیژیەتە دروستی دەکات لە نێوان قوتابیان لە ناو پۆل بەمەش کاریگەری دەبێت لە دروستکردنی پاڵنەری ئەرێنی قوتابیان بەرامبەر فێربون وە کاریگەریشی دەبێت لە بەرزکردنەی ئاستی دەستکەوتی قوتابی لە بابەتەکە.

**ج-** سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزمونگەری یەکەم کە وانەیان بەگوێرەی ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن دەخوێند بەسەر کۆمەڵەی ئەزمونگەری دوەم کە وانەیان بەگوێرەی ستراتیژیەتی کورسی گەرم دەخوێند، توێژەر هۆکاری ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن هەل لە بەردەم قوتابی دەڕەخسێنێت بۆ دروستکردنی کەشێکی کارلێککەرانە لەناو پۆلدا، ئەویش بە گۆڕینەوەی بیروبۆچون وهەروەها ڕۆڵەکان و زیاتر تەرکیز خستنە سەر تێگەیشتن لە بابەتەکەو شیکردنەوەی لایەنەکانی، نوسینەوەی تێبینیەکانی هەر قوتابیەک لە وانەکەدا، ئەمانە هۆکارن بۆ تێگەیشتنی قوتابی لە بابەتەکە و گەشەدان بە لایەنەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەو ڕەخنەگرانەو زیادبونی پاڵنەریان بەرامبەر بابەتەکە. لە بەرامبەردا لە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی کورسی گەرم ئەم دەرفەتە لەبەردەم قوتابیدا نییە هەروەها ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن لە گروپێکی سێ کەسی پێک دێت، یەکێکیان دەبێتە گوێگرێکی باش و لەگەڵ کەسی قسەکەر کە وەڵامی پرسیارەکانی گوێگر دەداتەوە، لەگەڵ کەسی تێبینەر، هەرسێک ڕۆڵ، کاریگەری لەسەر یەکتری دروست دەکەن وە سروشتی ڕێگاکە دەخوازێ تاکو کۆتایی وانەکە پێویستە قوتابیان هەرسێک ڕۆڵ ببینن، ئەمەش دەبێتە تێگەیشتنێکی قوڵی قوتابی لە وانەکە، کە لەبەکارهێنانی ستراتیژیەتی کورسی گەرم ئەم دەرفەتە لەبەردەم قوتابیدا نییە.

## دەرەنجامەکان

١-بەکارهێنانی هەریەک لە ستراتیژیەتەکانی سێگۆشەی گوێگرتن و کورسی گەرم دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی پاڵنەری قوتابیان لە بابەتی ئەدەب.

٢-زۆربەی ئەدەبیات و توێژینەوە پەروەردەییەکان جەخت لەسەر ڕۆڵی قوتابی دەکەنەوە وەکو تەوەرێکی سەرەکی لە پرۆسەی فێربون، ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن و کورسی گەرم، ئەم دەرفەتە لەبەردەم قوتابی دەرەخسێنێت.

٣-بەکارهێنانی ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن دەبێتە هۆی تێگەیشتنی قوتابی لە بابەتەکە و چێژ لێوەرگرتنی، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی مانەوەی لە یادگەی درێژ مەودادا، بەمەش قوتابی بە دور دەبێت لە دودلی و شڵەژاویەکانی فێربون.

٤-بەکارهێنانی ستراتیژیەتی کورسی گەرم دەبێتە هۆی زیادکردنی بڕوابەخۆبونی قوتابی، هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی و زیادبونی پاڵنەری قوتابیان بۆ بابەتەکە.

## ڕاسپاردەکان

١-بەکارهێنانی ڕێگا نوێیەکانی وانە وتنەوە لە بابەتی ئەدەب، بە تایبەتی ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن و ستراتیژیەتی کورسی گەرم دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی پاڵنەری قوتابیان لە بابەتەکە.

٢-ساڵانە کردنەوەی وۆرکشۆپ و کۆنفرانسی زانستی پەروەردەیی بۆ مامۆستایان، لە هەمو قۆناغە جیاوازەکان، بۆ ئاشناکردن و ناسینیان بەو ڕێگاو ستراتیژیەتە نوێیانەی کە بە پێی توێژینەوە کاریگەریەکانیان دەسەلمێنرێت.

٣-پێویستە لەسەر مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی، کە زۆر گرنگی بدەن بەبەکارهێنانی ئەو ڕێگایانەی وانەوتنەوە کە قوتابیان تێیدا تەوەرەی سەرەکی پرۆسەی فێربونن بە تایبەت ستراتیژیەتیەکانی هەریەکە لە سێگۆشەی گوێگرتن و کورسی گەرم، چونکە دەبێتە هۆی چێژ وەرگرتنی قوتابی لە بابەتەکەو بەرزکردنەوەی پاڵنەریان بۆ فێربون

## پێشنیارەکان

١-ئەنجامدانی توێژینەوەی تر بۆ زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن و کورسی گەرم لە چەند گۆڕاوی تر جگە لەپاڵنەری مەعریفی وەکو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە یاخود یان بیرکردنەوەی خەیاڵی یان مانەوەی زانیاری یان زیادکرنی مەیلیان بۆ بابەتەکە.

٢-ئەنجامدانی توێژینەوەی تر بۆ زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن و کورسی گەرم لە قۆناغەکانی تری فێربون.

٣-ئەنجامدانی توێژینەوەی تر بۆ زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی سێگۆشەی گوێگرتن و کورسی گەرم لە لقەکانی تری زمانی کوردی.

# The Impact of Using Listening Triangle and Hot Chair Strategies on Developing Cognitive Motivation in Kurdish Literature Module among Tenth-Grade High School Students in the Centre of Erbil Province

**Hussen Sahdi Ibrahim[1] - Razaw muhyadin Abdulrahman[2]**

[1]Department of Sports, College of Physical Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Kurdish, College of Primary Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**:
The aim of this study is to determine the effect of using listening triangle and hot seating strategies on cognitive
The aim of the current study is to identify the impact of using listening triangle and hot chair strategies on cognitive motivation in literature module among tenth-grade high school students. The researcher followed an experimental study including two experimental groups and a control group using a pre- and post-tests. 74 students were selected in Shahid Maa'mun Dabagh High School for Girls in the Centre of Erbil province for the academic year 2021-2022. The students were randomly selected to three groups in which 24 students for the first experimental group, 25 students for the second experimental group and of 25 students for the control group. The equalization of three groups is done by the researcher depending on the changing variables (age, intelligence, achievement level of students' mothers, achievement level of students' fathers, the previous year scores of students in Kurdish literature). The researcher used a questionnaire scale made by (Abdul Ridha and Badan, 2014), the questionnaire consists of (44) items, the answers to the items of the scale are (I strongly implement, I implement neutrally, I rarely implement, I do not implement). After giving the questionnaire to experts and taking their perspectives into consideration related to the appropriateness of the criterion, and finding the validity and reliability of the scale, the survey was distributed to the sample of 36 students before starting the experiment. The experimental study started on 14/10/2021 and ended on 7/12/2021. At the end of the experiment, the same scale was applied to the whole sample. After statistical analysis, the researcher concluded that both experimental groups were successful over the control group. In the light of the results, the researcher made some recommendations.

**Keywords:** Strategy Listening Triangle, Strategy Hot chair, Cognitive Motivation, Kurdish Literature.

## سەرچاوەکان


حمدسعید، جوان احمد (2014)، کاریگەری ستراتیژیەتی لە هەرچوار لاوە بۆ فێربونی چالاک لە دەستکەوتن و پەرەپێدانی ئاراستەکردنی بابەتی ئەدەب لە زمانی کوردی دا، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، هەرێمی کوردستان – عێراق.

دەرویش، چیمەن هەمزە (2015)، کاریگەری بەکارهێنانی شێوازی فێربونی هەرەوەزی لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە بابەتی ئەدەبی کوردی و گەشەپێدانی مەیلی ئەدەبی و نەریتەکانی عەقڵییاندا، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە) کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، هەرێمی کوردستان – عێراق.

عیسا، ئیسلام موسا، و دهۆکی، ئالان جەمیل ئیبراهیم(٢٠٢٢)کارتێکرنا بکارئینانا ستراتیجییەتێن نەخشێن هزری و سوم بدەستڤەئینانا قوتابێن پولا دەهێ ئامادەیی د بابەتێ ئەدەبێ کوردی دا و گەشەکرنا هزرکرنا هیڤی خوازی لدەف وان،گۆڤارا زانکۆیا دهوک (زانستێن مرۆڤایەتی و کۆمەڵناسی)، پەربەندا(٢٥) ژمارە(٢)

محەمەد، خەڵات عەبدولقەهار (2015)، کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجیەتی هەژاندنی مێشک لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ئەدەبی کوردیدا و گەشەپێدانی باوەڕبەخۆبون و ئارەزویان بۆ خوێندن و فێربونی ئەدەب، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، هەرێمی کوردستان عێراق.

ابراهيم، هداية هداية وعبدالباري، ماهر شعبان(2014)تدريس النصوص الادبية وتنمية مهارات التذوق والابداع، مكتبة التربية العربي لدول الخليج،المملكة العربية السعودية.

اسماعيل،زكريا(2011)طرائق تدريس اللغة العربية،دار المعرفة للنشر والتوزيع، ط1، الاسكندرية.

أمبو سعيدي، بدالله بن خميس، الحوسنية،هدى بنت علي(2016). استراتيجيات التعلم لنشط(180) استراتيجية مع الامثلة التطبيقية. ط1 ، عمان :دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.

الاوسي، حسن فهد عواد(2019) اثر استراتيجيتي دورة التقصي الثنائية والتحليل والتركيب في تحصيل مادة العروض عند طلبة كليات التربية الاساسية وتنمية تفكيرهم الناقد، اطروحة دكتورا،جامعة مستنصرية، كلية التربية الاساسية.

الباوي، ماجدة ابراهيم والشمري، ثاني حسين(2020) ط1، دار الامل الجديدة، دمشق، سوريا

البجة،عبدالفتاح حسن(2005)اساليب تدريس مهارات اللغة العربية وادابها، دار الكتاب الجامعي، العين، الامارات العربية المتحدة

بدر، احمد (1994)، أصول البحث العلمي و مناهجه، المكتبة الأكاديمية، الدوحة، قطر.

البري، قاسم(2021)اثر استخدام استراتيجية الكرسي الساخن في تحسين مهارات التعبير الشفوي، مجلة الاردنية في العلوم التربوية، مجلد(17)-عدد(4)

توفيق انور تقي(2019) اثر استراتيجيتي مثلث الاستماع وخلايا التعلم في تنمية التفكير التخيلي لدى طلاب الصف الثاني المتوسط ودافعيتهم نحو مادة الادب،مجلة العربية للعلوم التربوية والنفسية، عدد(10)

توفيق، انور تقي(2019)اثر استراتيجيتي مثلث الاستماع وخلايا التعلم في تنمية التفكير لدى طلاب الصف الثاني المتوسط ودافعيتهم نحو مادة الادب، المجلة العربية للعلوم التربوية والنفسية، عدد (10)

الجعافرة، عبدالسلام يوسف (2011)مناهج اللغة العربية وطرائق تدريسها بين النظرية والتطبيق، مكتبة المجتمع العربي،عمان الارن

الحريري، رافدة(2011) الجودة الشاملة في المناهج وطرق التدريس،عمان،دار المسيرة للنشر والتوزيع.

الحمداني حميد(2007) القراءة وتوليد الدلالة تغيير عاداتنا في قراءة النص الأدبيّ، المركز الثقافي العربي الدار البيضاء المغرب ط2.

الخليفي، سبيكة يوسف(2000) علاقة مهارات التعلم والدافع المعرفي بالتحصيل الدراسي لدى عينة من طالبات كلية التربية بجامعة قطر مجلة مركزالبحوث التربوية (جامعة قطر)، العدد 17

الرحو، خلوق سعيد احمد(2012) اثر استخدام اسلوبين المحاظرة المطورة في تحصيل طلاب الصف الخامس الادبي لمادة الادب والنصوص وتنمية اتجاهاتهم نحوها، رسالة ماجستير، جامعة الموصل،كلية التربية

الزغلول، عماد عبدالرحيم(2012) مبادىء علم النفس التربوي، الامارات العربية المتحدة، دار الكتاب الجامعي.

الشمري، هدى على، الساموك، سعدون محمود(2005) مناهج اللغة العربية وطرق تدريسها،ط1، داروائل، عمان.

الشمري، ماشي بن محمد(2011) 101 استراتيجية في التعلم النشط، ط1، المملكة العربية السعودية.

شواهين، خير سليمان (2019): التعلم الفعال، الطبعة الاولى، عالم الكتب الحديث، اربد، الأردن.

عبدالسلام، محمد(2021) استراتيجيات التعلم النشط، دار الكتب

عريفج، سامي سلطي(٢٠٠٠) مقدمة في علم النفس التربوي،ط1، دار الفكر للطباعة والنشر، عمان، اردن.

عطية، محسن علي (2018 )التعلم النشط استراتيجيات واساليب حديثة في التدريس. عمان دارالشروق.

على، نبيل، وحجازي،نادية(2005) الفجوة الرقمية رؤية عربية لمجتمع المعرفة،عالم المعرفة،الكويت

على، ساره موفق حسين(2022)فاعلية استراتيجيتي مثلث الاستماع والبيت الدائري في قدرة طالبات الصف الثاني المتوسط على تفسير النصوص القرانية، رسالة ماجستير، كلية التربية،جامعة موصل.

العيسوي، جمال مصطفى واخرون(2005) طرق تدريس اللغة العربية بمرحلة التعليم الاساسي(بين النظرية والتطبيق)، دار الكتاب الجامعي، للنشر والتوزيع، العين، الامارات العربية المتحدة

الفتلاوي، سهيلة محسن كاظم(2015) المدخل الى التدريس، دار الشروق للنشر، عمان، اردن.

قطامي، يوسف،وقطامي نايفة(2001) سيكولوجية التدريس،ط1، دار الشروق للنشر والتوزيع.

الكبيسي، وهيب مجيد، والداهري صالح حسن أحمد(2001) المدخل في علم النفس التربوي، دار الكندي للنشر

محمود، عبدالرحمن كامل(2006) الاتجاهات الحديثة في التدريس الادب في المرحلة الثانوية.Microsoft Word - الإتجاهات الحديثة فى تدريس(fayoum.edu.eg)

محمود،لاجان بيربال(2021)اثر استخدام استراتيجية مثلث الاستماع في اكساب طالبات الصف السابع الاساس بعض مهارات الفهم الاستماعي في مادة اللغة العربية لغير ناطقين به، مجلة قلاى زانست العلمي، جامعة اللبنانية الفرنسية، مجلد(6)- عدد(3)

مدكور،على احمد(2007)طرائق تدريس اللغة العربية، دار المسيره ،عمان.

المسعودي، محمد حميد مهدي.الهداوي، سنابل ثعبان سلمان.( 2018 ). استراتيجيات التدريس في البنائية والمعرفية وماوراء المعرفية. ط 1.عمان: دار الرضوان للنشر والتوزيع.

المياحي، ميساء عبد حمزة(2019) صعوبات تدريس الادب والنصوص في المرحلة المتوسطة من وجهة نظر مدرسي اللغة العربية ومدرساتها وحلولهم المقترحة لها، مجلة جامعة واسط للعلوم الانسانية، العدد 19.
https://www.researchgate.net/publication/331481882_sywbat_tdrys

ناصر،بيان فارس(2019)اثر استخدام استراتيجية الكرسي الساخن في تحصيل وتنمية التعاطف التاريخي لطالبات الصف الاول المتوسط في مادة الاجتماعيات، مجلة ابحاث كلية التربية الاساسية،مجلد(15)-عدد(4)

النجار،نبيل جمعة صالح(2010)القياس والتقويم منظور تطبيقي مع تطبيقات برمجية spss، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان

النعيمي، عبدالله امين(1992) تقويم تدريس الادب بمرحلة التعليم الثانوي بالجماهيرية الليبية، المنشأة العامة للنشر والتوزيع،طرابلس.

Biehler, Robert. F, show man, Jach (1990) Psychology applied to teaching, Boston houghton miffin company in, http// WWW. Soneecourg.

Schunk, D.H. (2000): Learning the eoeies An educational perspective (3ed), New Jersey, prentice hall.in

Young,Sarah(2008) "Hot Seat student – Generated Interaactive Question and Conversation Activities, Conference Report. May 8.

## پاشکۆی ژمارە(١)ناوی شارەزایان و پسپۆڕان کە توێژەران ڕایان وەرگرتون لەبارەی پێوەری پاڵنەری مەعریفی

| ز | ناوەکان | شوێنی کارکردن | پسپۆڕی |
|---|---|---|---|
| ١ | پ.د.حامد مصطفی بلباس | زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی | ڕێگاکانی وانە وتنەوە |
| ٢ | پ.د. علی عبدالرحمن جمعە | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردە | ڕێگاکانی وانە وتنەوە |
| ٣ | پ.د کاوە علی محمد | زانکۆی کۆیە/ کۆلێژی پەروەردە | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی گشتی |
| ٤ | پ..د.فؤاد رشید محمد | زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی | ئەدەبی کوردی |
| ٥ | پ.ی.د. بکر شاکر عبد الله | زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی | ئەدەبی کوردی |
| ٦ | د.رازاو رشید سبری | زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی | ئەدەبی کوردی |
| ٧ | پ.ید.تانیا اسعد محمد صالح | زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی | ئەدەبی کوردی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨ | پ.د. محمد محی الدین جباری | زانكۆی سەلاحەدین/ كۆلێژی پەروەردە | پێوانەو هەڵسەنگاندن |
| ٩ | پ.د. سلوی احمد امین | زانكۆی سەلاحەدین/ كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی | پێوانەو هەڵسەنگاندن |
| ١٠ | پ.ی د سیناء احمد علی | زانكۆی سەلاحەدین/ كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی | زانستی دەرونی و پەروەردەیی |
| 11 | پ.ی د. بان صباح یحی | زانكۆی سەلاحەدین/ كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی | زانستی دەرونی و پەروەردەیی |
| ١٢ | پ.د. سعید نزار سعید | زانكۆی سەلاحەدین/ كۆلێژی پەروەردەی وەرزشی | زانستی دەرونی |